کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-4-2007 23:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خوێندنەوەیەک بۆ گوتاری نەتەوەیی سەرۆک بارزانی... ئامانج عەبدوڵا سوور

کوردایەتی وەك پرۆژەیەکی ڕەهەند ئامێز جودا لەلێکدانەوەی زاراوەی ناسیۆنالیزم وقەومیەتی ڕۆژهەڵاتی درێژەپێدەری کاروانێکە گوزارە لەخواست وداواوخەونیزیادلەچل ملیۆن مرۆڤی سەرئەم هەسارەیەدەکات، خاڵی یەکەمی وەرچەرخێنەری ئەم پرۆژەیە کە لتورێکی نەتەوەیی ڕەوا بەدوای خۆیدا کێش ئەکات هەوڵدانێکی بی چەند چونە بۆ ئازادی وسەرخۆبوون کەبەدوای دا پرۆسەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە سود لەسۆسیالزم وەردەگرێت بۆ یەکخستنەوەی سەرجەم پاچەکانی نیشتمان وتێکشکاندنی سنورەدەسکردەکان کەمێژویەکی تاڵ ودابەشکردنێکی میرات ئاسا بۆی کێشاوەوبەسەر نەتەوەکانی دراوسێی دا دابەشی کردوەوئاستی کۆلۆنیالی هێناوەتە خوار ئاستی میلەتێکی کۆلۆنی کراو وەك لەکتێبی کوردستان کۆلۆنەیەکی نێودەوڵتی دا ئیسماعیل بەشکچی ئاماژەی پێکردووە.

هەرلەم دۆخەدا میلەتێك چاوی بەدوای هەنگاوەکانی پارچەیەکی ئازادکراوی دا هەڵخستووە کەخۆی لەهەرێمی باشوریدا دەبینێتەوەبۆیە بزاوتی شۆرشگێرانەی لەپارچەکانی دی دا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەپیشەڤەچون وبەرخوداندایە، ئەوەی لەم دۆخەدا ڕێگە چارەی دروست بێت روبەرووبونەوەیەکە بەدوو دیوی جیاواز وتەریب بەیەکدی دا یەکێکیان هەڵبژاردنی ڕەتکردنەوەی سەپاندنی داگیرکەرەوئەوی دیکەشیان زمانێکە بۆداواکردنی دانوستان، لەنێوداگیرکەراندا میتۆدی جیاواز هەیە بۆ روبەرووبونەوەی دۆسیەی نەتەوەیمان لەهەموویان مەترسیدارتر ئەو ڕێبازەشۆڤێنیەیە کە دەوڵەتی تورکیای کەمالیست هەڵبیژاردووە وخۆی لەشەرێکی تایبەتی دا دەبینێتەوە تورکیایەك کەژێرخانی ئابوری تەپیوەوسەرکردەی بزاوتێکی کوردی لەزیندانەکاندا توند کردووە وهەناسەی بۆ ئازادی کورد لەوپاچەیەدا نەهێشتۆتەوە ڕۆژانە بەچەکی دیموکراسیەتێکی دەسکرد بەویستی خۆی لەویستی رابوونی نەتەوەیمان دەدات وخاسیەتی پەلاماردەری لەدرزی میدیاکانەوە هەڵبژاردووە تا بەونەخشەیەی خۆی کێشاویەتی کۆمەلێك هێڵی سور بۆئەم هەرێمە دیاری بکات جا چونە ژێر باری هەموو ئەم هێڵانە دواجار ئەمانباتەوە سەر تێکشکاندنی ویستە نەتەوەییەکانمان، پی دەچی بزاوتی ئێمە بۆ سەرخۆبون جودا لەهەموو بزاوتە شۆرشگێرەکانی تر پێناسی تر هەڵبگرێت، گەورەترین پارچەی کوردستان لەژێر دەستی تورکیادایە بۆیە گەورەترین رووبەروو بونەوە لەوێدا فەراهەم دەبێت، ئەو رووبەروو بونەوەیەی سەرۆك بارزانی بەرامبەر بەتورکیا هەڵبیژاردووە پێویستیەکی ئەم بزاوتەیە هەربۆیە پشتیوانی لەم هەنگاوەی بەتەنها لەپارچەیەکی دا قەتیسی نەخواردو گەورەترین هێزی جەماوەری بەدەوری گوتارەکەی ئاپورەیان گرت ئەوەندەی لەرۆژهەلات بزاوتەکە کەف وکوڵی بەخۆوە دی ئەوەندەش لە ڕۆژئاواتادەگاتە ئاستی دارژانە سەرشەقامی باکورو بەدەنگەوە هاتنی سەراپای ڕەوت وحزبە شۆرشگێرەکانی سەرجەم پارچەکانی تری کوردستان هەروەك لە لێدوانی سەرەکی زۆربەی حزبە شۆرشگێرەکاندا ئەوە بەدیکرا کە گەورەترین ئومێدیان لەسەر ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی هەڵچنیوە، لەنوێترین شرۆڤەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی بارزانی سەرکردایەتی گەورەترین شۆرشی نەتەوەیی لەمێژوودا لەئەستۆ دەنێت، کەواقع بەدوای خۆیدا دەگۆری وپلانی نەخشەیەکی نوی دێنێتە ئاراوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.